# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٦٣) سالی سیزدەم ٣٠ / ئایار /٢٠١٣ زایینیی ٩/ جۆزەردان / ٢٧١٣کوردی ٢٠ / رەجەب / ١٤٣٤ کۆچی

لەم ژمارەیەدا :

163

**یاسای ژمارە ( ٦ )ی سالی ٢٠١٣** ل ١

یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان
بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکیبیان لەسەرە ژمارە (٢)ی سالی ٢٠١٠

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢١

پەیڕەوی ناوخۆی لیژنەی بالای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئافرەت و خێزان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق .

**رێنمایی ژمارە ( ١ )ی سالی ٢٠١٣ وەزارەتی پلاندانان** ل ٣

رێنمایی ئەنجامدانی پرۆژە بە شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ ( التنفیذ المباشر )

**رێنمایی ژمارە ( ٢ )ی سالی ٢٠١٣ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی** ل ٧

تایبەت بە پلە و جل و بەرگ و هێماکانی کارمەندانی هێزی جێ بە جێ کردن سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی .

**بەیانی سالی ٢٠١٣ ئەنجومەنی دادوەری ( ٢ )** ل ١٣

**بەیانی ژمارە ( ٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥-٤٦-٤٧ ) سالی ٢٠١٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٥

ناونیشان : هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد .

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

## الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٦٣) السنة الثالثة عشرة ٣٠ / ايار / ٢٠١٣ميلادي ٩ / جوزردان / ٢٧١٣كوردي ٢٠ / رجب / ١٤٣٤هجري


في هذا العدد:

163


قانون رقم (٦) لسنة ٢٠١٣ ص ١٩

قانون التعديل الأول لقانون الهيئة العامة في اقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها رقم (٢) لسنة ٢٠١٠

رئاسة مجلس الوزراء ص ٢١

النظام الداخلي للجنة العليا لمناهضة العنف ضد المراة والاسرة في محافظات إقليم كوردستان — العراق


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٣ وزارة التخطيط ص ٣

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٣ وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية ص ٧

بيان لسنة ٢٠١٣ مجلس القضاء (٢) ص ١٣

بيان رقم (٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥-٤٦-٤٧) لسنة ٢٠١٣ وزارة الصحة ص ١٥



No.: 163 Date: May, 30, 2013 Vol.: 13



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com


السعر ٧٥٠ دينار

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەلاّتەی لە بڕگە (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە(١١) لە ٢٠١٣/٤/٢٤ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٣**
**یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان**
**بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٠**

**ماددەی یەکەم:**
ناوی یاساکە لە (یاسای دەستەی گشتی لەهەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە) هەمواردەکرێت بۆ (یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم )

**ماددەی دووەم:**
دەستەواژەی ( ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ) جێگەی دەستەواژەی ( ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك کە لەم یاسایەدا هاتبێت .

**ماددەی سێیەم:**
**یەکەم:** بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :
دووەم: دەستە: دەستەی گشتی لەهەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم .

**دووەم:** بڕگەی پێنجەم لە ماددەی یەکەم لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( پێنجەم : ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم: ئەو ناوچانەن کە لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە ناوچەی کوردستانین ، کە لە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کەوتبونە ژێر رێکارەکانی بە عەرەب کردن و گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی )

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسا جێبەجێ بکەن .

**ماددەی پێنجەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
١٤/ ئایار / ٢٠١٣ی میلادی

## هۆیە پێویستکارەکان

وەك جەختکردنێك لەسەر براوەیی دەستپێگرتن بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشت ئامرازە ڕەواکان وەك بەشێکی نەشیاو بۆ جیاکردنەوەلە کوردستان - عێراق لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیاوە ، وە لەبەر ئەوەی زاراوەی (ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە) کە لە دەستوری عێراقیدا هاتووە کورت ناکرێتەوە سەر ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێندرا .

**وەزارەتــی پـلانــدانان**

**ژمارە : ( ٢١١٧ ) لە ٢٠١٣/٥/١٢**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێم- نهێنی ژمارە-٢٢٧ لـە ٤/٤/ ٢٠١٢ کـە سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپاردووە بۆ دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ئەنجامـدانی پـڕۆژە بـە شـێوازی ( جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ - التنفيذ المباشر ) ، وە پاڵپشت بە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣ و نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٢٢٣٢) لـە ڕێکەوتی ٢٥ /٩ / ٢٠١٢ ، بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٣**

**ڕێنمایی ئە نجامدانی پرۆژە بە شێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ ( التنفيذ المباشر )**

**ماددەی ( ١ )**

پێناسەکانی بەکارهاتوو لەم ڕێنماییانەدا بریتین لە :-

**یەکەم**- جێبەجێکردنی ڕاستەخۆ:- بریتیە لە شێوازێکی ئەنجامدانی پرۆژە ئەگـەر (جێبـەجێکردن بێت، دامەزراندن (تنصيب) و یان کڕین و دابینکردنی کەرەستە و کەلوپـەل) بێـت لەلایـەن فەرمانگە حکومیەکانەوە پاڵپشت بە توانای مرۆیی و شارەزایی و بوونی ئامێر و کەرستە و مەوادی بەکارهێنان. دەبێت دراسە و نەخشەسازی (دیزاین) و دەرخستەی پێویست ئامـادە کرابن لە ڕێی فەرمانگەی حکومیەوە یان لە ڕێی کەرتی تایبەتەوە (کۆمپانیا یان نوسینگەی ڕاوێژکاری) بە ئامانجی کەمکردنەوەی ماوە و گوژمەی مەزەندەکراو. دەکرێت بە ڕێژەی تا لە (٣٠٪)ی کارەکان بسپێردرێت بە بەڵێندەری لاوەکی (خۆماڵی یان بیانی) بە مەرجی هەبوونی پسپۆری لە بواری پرۆژەکە.

**دووەم**- لایەنی جێبەجێکار:- لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە ئەو لایەنەیـە کـە پرۆژەکـەی لـە پلانـی بودجەی وەبەرهێنان ڕیزبەند کردووە، ( لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی هاتوو لە خاڵی - ٣ - لـە بڕگەی یەکەم لە ماددەی - ٢ - لەم ڕێنماییەدا )

**سێیەم**- لایەنی سوودمەند:- ئەو لایەنە حکومیەیە کە سوودمەند دەبێت لە پرۆژەکە پاش تەواوبوونی و هەندێك چالاکیش دەکەوێتە ئەستۆی هەروەك لەم ڕێنماییانەدا دەستنیشانکراوە.

**چوارەم**- لیژنەی ئەنجامدەری پرۆژە:- لیژنەی پێکهاتوو لە وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت کـە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە بە شێوازی ڕاستەوخۆ بە پێی ئەم ڕێنماییانە.

**ماددەی ( ٢ )**

وەزارەت، لایـەنی نـەلکاو بـە وەزارەت، پارێزگـا و ئیـدارە سـەربەخۆکان بۆیـان هەیـە شـێوازی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ پیادە بکـەن لـە ئەنجامـدانی پـڕۆژەدا پـاش بـوونی شـارەزایی و توانـای جێبەجێکردنی پڕۆژە بەم شێوازە، لەگەڵ پابەندبوون بەم خاڵانەی لای خوارەوە :-

**یەکەم: مەرجەکانی ڕێزبەندکردن:-**

١- لایەنی جێبەجێکار دەبێت پڕۆژەی ڕێزبەند کردبێت لە پلان و لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی ساڵانە کە ئامادە دەکرێت لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە، پاش هاوپێچکردنی ڕاپـۆرتی هونـەری کـە تیایدا پێکهاتەی پڕۆژە و توانا مـاددی و مرۆییـە بەردەسـتەکان دیـاریکرابن بـە ئاراسـتەی کەمکردنەوە لە گوژمە و کاتی جێبەجێکردنی پـڕۆژە، بـەزامنکردنی جـۆری کـاری داواکـراو ( ضمان جودة العمل المطلوب )

٢- بۆ لایەنی جێبەجێکار هەیە پێشنیازی ئەنجامدانی هەندێ پڕۆژە بەم شێوازە پێشکەش بکات بە وەزارەتی پلاندانان بە هاوپێچی پاساوی قایلکەر، بـۆ پـرۆژەی پەسـەنکراوی پـلان. وەزارەتـی پلاندانانیش بڕیار دەدات پاش دڵنیابوون لە توانای ئەو لایەنە لە جێبـەجێکردنی ڕاسـتەوخۆ و بەرجەستبوونی بنەماو مەرجەکانی بە پێی ئەم ڕێنماییانە.

٣- بۆ پڕۆژەی بە پەلەی نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوە و فراوانکردن و هەندێك کار و بڕگـەی لـەپڕ، دەکرێت ئەم شێوازی جێبەجێکردنە پیادە بکرێت لەسەر بودجەی ئاسایی و بە پێی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی هەرێم، ڕاسـتەوخۆ بـە دەسـەڵاتی سـەرۆکی لایـەنی جێبـەجێکار بـە ئاگادارکردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان.

٤- بۆ لایـەنی گرێبەسـتکار هەیـە ( شـێوازی ڕاسـتەوخۆ ) پیـادە بکـات، دوای دڵنیـابوون لـە ئەنجامنەدانی پڕۆژەکە بە شێوەی بەڵێندەرایەتی (پاش پرۆسەی تەندەرین) ، وە یـان لـە کـاتی جێبەجێکردنی پرۆژە بە شێوەی ( التنفیذ امانة عن المقاول ) ، وەهەروەها لە کاتی کێشاندنەوەی کار لە بەڵێندەر، بەمەرجی پابەندبوون بە بنەماکانی بوونی توانای مرۆیی و ماددی بۆ ئەنجامدان سەرباری پابەندبوون بەو دوا گوژمانەی هاتوون لە ( بڕگەی سـێهەم/ ٢ ) لـەم ماددەیـەدا، بـە ئاگادارکردنی هەردوو وەزارەتی پلاندانان و دارایی و ئابووری.

٥- بۆ هەندێك پڕۆژە و چالاکی کە لە ڕووی زامنکردنی لایەنی ئاسایش و نهێنیەوە پێویست بـەوە دەکات لەلایەن حکومەت ئەنجام بدرێت ، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی وەزیران.

**دووەم/ کارگێری و بەڕێوەبردن:-**

١- لیژنەی ئەنجامدەری پڕۆژە پێکدێت بەفەرمانی وەزاری یان هاوتاکەی بە پێی ئەو خاڵ و ڕێکارانەی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە دەردەچێت.

٢- لایەنی سوودمەند لە پڕۆژەکە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیاری و بەدواداچوون بە پێی مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی و ڕەوش و ستانداری پەیڕەوکراو.

٣- ڕێکەوتنێك (اتفاقیە) ڕێك دەخرێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە نێوان لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژە ( یان ئەوەی دەسەڵاتداری دەکات – من یخوله - ) و لیژنەی ئەنجامدەری پڕۆژەکە، تیایدا سەرجەم زانیاری لەسەر پڕۆژە و نەخشە و دیزاین و دەرخستە و ڕێکار و تواناکان و ڕەوش و مەرجی ستاندارد و ماوە و گوژمەی پڕۆژەکە هاتبێت بە پێی ئەو ڕەشنووسەی ئامادە دەکرێت لە ڕێی لایەنی جێبەجێکارەوە.

٤- پڕۆژەکە مامەڵە دەکرێت وەك هەر پڕۆژەیەکی ئەنجامدراو لە ڕێی بەڵێندەرایەتیەوە، لە رووی تەواوبوون و وەرگرتن و پێوانە و ماوەی چاککرنەوە و ..... هتد.

**سێیەم/ گوژمە و ماوەی پڕۆژە:-** ١- گوژمە ئەژماردەکرێت لەسەر بودجەی وەبەرهێنان، تەنها بۆ ئەو پرۆژە و چالاکیانە نەبێت کە مەرجدارن و لە بڕگەی یەکەم/ ٣ لەم ماددەیەدا هاتووە.

٢- گوژمەی پڕۆژە نابێت زیاتر بێت لە (٣٥٠٠٠٠٠٠٠ دینار) سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار بۆ سەرجەم وەزارەتەکان ، پارێزگاکان، لایەنەکانی نەلکاو و ئیدارە سەربەخۆکان ، جگە لە وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و شارەوانی و گەشت و گوزار و کارەبا، کە تا بڕی تەنها (١٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠دینار) یەك ملیار دینارە، جگە لە پڕۆژە جێبەجێکردن بە پێی ( بڕگەی یەکەم/٣ لەم ماددەیە ) واتە ( لەسەر بودجەی ئاسایی ڕێ نادرێت گوژمە زیاتر بێت لە (٣٥٠٠٠٠٠٠٠ دینار) سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار.

٣- بۆ گشت وەزارەت و پارێزگا و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و ئیدارە سەربەخۆکان هەیە جگە لە هەرسێ وەزارەتی ( ئاوەدنکردنەوە و نیشتەجێکردن ، شارەوانی و گەشت و گوزار، کارەبا) کە ئەو پرۆژانەی گوژمەیان لە (٣٥٠ ملیۆن دینار ) سێ سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاترە و لە ( یەك ملیار دینار ) تێناپەڕێت و خوازیارن بە شێوازی ( جێبەجێکردنی راستەوخۆ ) و بە پێی هاتوو لەم ڕێنماییانە ئەنجام بدرێت، ئاراستەی یەکێك لەو سێ وەزارەتە ( ئاوەدنکردنەوە و نیشتەجێکردن، شارەوانی و گەشت و گوزار، کارەبا )ی بکەن بە پێی تایبەتمەندیی پرۆژەکان، وە لەگەڵ گواستنەوەی گوژمەکانیان بە مەبەستی جێبەجێکردنیان.

٤- بۆ لایەنی جێبەجێکار هەیە گوژمەی ماوە و بەکار نەهاتوو (وفر) لەو پڕۆژانەی بەم شێوازە جێبەجێ دەکرێن بەکار بهێنێتەوە تەنها بۆ پڕۆژە و چالاکی هەر بە شێوازی جێبەجێکردنی راستەوخۆ لە هەمانساڵی داراییدا و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانانی لێ ئاگادار بکات. وە بۆ ساڵی دواتری دارایی بە رەزامەندی وەزارەتی دارایی ئابووری و ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی پلاندانان

٥- رێژەی (٧٪) ی گوژمەی مەزەندەکراوی پڕۆژە وەك بڕی یەدەك ئەژمار دەکرێت و بەهیچ شێوەیەك خەرجی و گۆرانکاری رێ پێ نادرێت بە گوژمەی سەروو ئەم بڕی یەدەکە.

٦- رێژەی تەنها (٣٪) ی گوژمەی مەزەندەکراوی پڕۆژە ئەژماردەکرێت بۆ بڕی سەرپەرشتیاری و چاودێری و خەرج دەکرێت بە پێی رێنماییەکانی جێبەجێکردنی بودجەی هەرێم.

٧- رێژەی٢٠٪ی گوژمەی مەزەندەکراوی پڕۆژە خەرج دەکرێت وەك پێشینەی یەکەم بۆلیژنەی ئەنجامدەری پڕۆژە.

٨- ماوەی جێبەجیکردن نابێت زیاتر بێت لە (١٨٠رۆژ) سەدوهەشتا رۆژی کالیندەری بۆ پرۆژەکان کە گوژمەیان (٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار) سێ سەدوپەنجا ملیۆن دینار وکەمترە ، وە بۆ ئەوانەی سەروو ئەم گوژمەیەن تا(٣٠٠ رۆژ)سێ سەد رۆژی کالیندەری رێی پێ دەدرێت ، ماوەی سەربار نابێت لە(١٠٪) ماوەی بنەڕەتی زیاتر بێت .

**ماددەی ( ٣ )**

پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری شێواز و میکانیزمی کار و چالاکی لیژنەکانی ئەنجامدەری ئەم پرۆژە جێبە جێکردنە بە راستەوخۆ داریژێت و گشتاندنی بۆ بکات لە ماوەی (٣٠ رۆژ) لە بەرواری دەرچوونی ئەم رێنماییە بە تایبەتی سەبارەت بە رێژەی (٧٪)ی یەدەك و (٣٪) ی چاودێری و (٢٠٪) ی پێشینەی یەکەم......هتد .

**ماددەی ( ٤ )**

جگە لە ماددە و بڕگە و خاڵی هاتوو لەم رێنماییانەدا، کاردەکرێت بە گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە ٧٠٨٥ لە ٣/٣ /٢٠٠٨.

**ماددەی ( ٥ )**

ئەم پرۆسەیە دەکرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بۆ یەکەم ساڵی جێبەجێکردن.

**ماددەی ( ٦ )**

ئەم رێنماییە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن لە رۆژی دەرچوونی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**د. علی عوسمان سندی**

**وەزیری پلاندانان**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٢٠٣٥ لە ٢٠١٣/٤/٣٠**

ئاماژە بە ماددەی (٥٠) لە یاسای چاکسازی ( النزلاء والمودعین ) ژمارە (١٠٤) ساڵی (١٩٨١)ی هەموار کراو وە ماددەی (٤٦) لە سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٨) ئەم رێنماییەمان دەرکرد :-

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣**

**تایبەت بە پلە و جل و بەرگ و هێماکانی کارمەندانی هێزی جێ بە جێ کردن سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

هێزی جێبەجێ کردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان پێك دێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەری چاکسازیەکان و مەئمور و یاریدەدەرەکانیان و چاودێر و پاسەوانی چاکسازی .

**ماددەی دووەم:**

دەبێ پلە و وهێماکان و پۆشاکی کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن لە لایەنە پەیوەندیدارەکان باوەرپێکراو بێت لە کاتی دەوام و ئەرکی فەرمی دا .

**ماددەی سێیەم:**

رێککاری سەربازی لەسەر کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن ،جێبەجێ دەکرێت وە لەسەریانە گوێ رایەڵی سەرووی خۆیان بن هەروەك هێزەکانی سوپا وئاسایشی ناوەخۆ لەکاتی دەوام وئەرکی فەرمیدا.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن پابەند بن بە رێك پۆشی بەو جل و بەرگانەی کە دەستنیشان کراوە بۆیان بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ پێگەی کارکردنیان لەکاتی ئەرك ودەوامی فەرمیدا.

**ماددەی پێنجەم:**

پێدانی پلەی هێزی جێبەجێ کردن بەم شێوەی خوارەوە دەبێت کە لە خشتەی ژمارە ( ١ ) دا هاتووە :

١- بەرێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی پلەی (لیوای چاکسازی) پێدەدرێت بە فەرمانی وەزاری.

٢- یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی پلەی ( عەمیدی چاکسازی ) پێدەدرێت بە فەرمانی وەزاری .

٣- بەڕێوەبەری بەشەکانی چاکسازی پلەی ( موقەدەمی چاکسازی ) پێدەدرێت بە فەرمانی وەزاری .
٤ - پلەی پاسەوانی چاکسازی بە فەرمانی کارگێری دەبەخشرێت بەم شێوەی خوارەوە :
أ . پلەی پاسەوانی چاکسازی پێنجەم دەدرێت بە پاسەوانانی پلە دە .
ب . پلەی پاسەوانی چاکسازی چوارەم دەدرێت بە کارمەندی پلە نۆ .
ج . پلەی پاسەوانی چاکسازی سێیەم دەدرێت بە کارمەندی پلە هەشت .
د . پلەی ( مولازمی چاکسازی ) دەدرێت بە کارمەندی پلە حەوت وهاوتاکانیان لە هێزی جێبەجیکردن .
هـ . پلەی (مولازمی یەکەمی چاکسازی) دەدرێت بە کارمەندانی پلە شەش و هاوتاکانیان لە هێزی جێبەجیکردن .
و . پلەی (نەقیبی چاکسازی) دەدرێت بەکارمەندانی پلە پێنج و هاوتاکانیان لەهێزی جیٚ بەجیٚ کردن.
ز . پلەی ( رائیدی چاکسازی ) دەدرێت بە مەئموری بەشی پێشکەوتوو وهاوتاکانیان لە هێزی جێبەجیٚ کردن .
ح. پلەی (موقەدەمی چاکسازی) دەدرێت بە سەرۆکی مەئمورەکان وهاوتاکانیان لە هێزی جێبەجیٚ کردن.

**ماددەی شەشەم :**

بەرزکردنەوەی پلەکانی گشت کارمەندانی هێزی جێبەجیٚ کردن لە پلەی نزم بۆ پلەی بەرزتر ئەنجام دەدرێت بەپێی مەرجەکانی بەرزکردنەوەی پەیوەند بە توانا و رێککاری سەربازی ناو دەزگا چاکسازیەکان .

**ماددەی حەوتەم :**

وەزیر دەتوانێت هەر پلەیەك بدات بەکارمەندانی چاکسازی یان سەرپەرشتیارەکانیان وەك خەلاتکردن لەبەر ئەرك و ماندوبوونیان و هەولدانیان لە پێناوی گەشەپێدانی کاری چاکسازی .

**ماددەی هەشتەم :**

بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی دەتوانێت پاسەوانە چاکسازیە لێهاتوەکان کە راژەیان لە پێنج سال زیاترە کاندید کات بۆ بەخشینی پلەی ( مولازم چاکسازی ) و بەردەوام بێت لە بەرزبوونەوە بەپێی ( ماددەی شەش )ی ئاماژە پێکراو لەو رێنماییە .

**ماددەی نۆیەم :**

بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەتوانێت پلەی پاسەوان و مەئمورەکان و چاودێرانی چاکسازی دابگرێت لە کاتی پابەند نەبوونیان بە ئەرکی فەرمی خۆیان یان سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکان ، بە پێی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە .

**ماددەی دەیەم :**

بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی هەڵدەسێت بە دابینکردنی پۆشاکی هاوینە لە سەرەتای مانگی نیسان و پۆشاکی زستانە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم هەموو ساڵێك بۆ سەرجەم کارمەندانی چاکسازی پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەپێی خشتەکانی هاوپێچ ژمارە ( ٢ ) و ( ٣ ) .

**ماددەی یانزەهەم :**

بەڕێوەبەری چاکسازی دەتوانێت هەرکارمەندێکی هێزی جێ بەجێ کردن ڕاسپێری بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرکێك لە هەر بەشێکی چاکسازی .

**ماددەی دوانزەهەم :**

گشت ڕێنماییەکانی پێشووی پەیوەند هەڵدەوەشێت و کاری پێناکرێت جگە لەو ڕێنماییە .

**ماددەی سیانزەهەم :**

ئەو ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە بەرواری دەرچوونیەوە وە لە ڕۆژنامی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

## خشتەی ژمارە ( ١ ) لە ڕێنمایی ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٣

| ژ | پایە | پۆست | پلە |
|---|---|---|---|
| ١ | لیوای چاکسازی | بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | |
| ٢ | عەمیدی چاکسازی | یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | |
| ٣ | عەقیدی چاکسازی | بەڕێوەبەری چاکسازی | |
| ٤ | موقەدەمی چاکسازی | یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەش + سەرۆکی مەئمورەکان | سێیەم |
| ٥ | رائیدی چاکسازی | مەئموری پێشکەوتوو | چوارەم |
| ٦ | نەقیبی چاکسازی | پاسەوانی پێشکەوتوو+مەئموری یەکەم+چاودێری چاکسازی پێشکەوتوو +چاودێری یەکەم | پێنچەم |
| ٧ | مولازمی یەکەمی چاکسازی | پاسەوانی چاکسازی یەکەم+مەئموری دووەم+چاودێری دووەم | شەشەم |
| ٨ | مولازمی چاکسازی | پاسەوانی چاکسازی دووەم + مەئموری سێیەم + چاودێری سێیەم | حەوتەم |
| ٩ | پاسەوانی چاکسازی سێیەم | | هەشتەم |
| ١٠ | پاسەوانی چاکسازی چوارەم | | نۆیەم |
| ١١ | پاسەوانی چاکسازی پێنجەم | | دەیەم |

## خشتەی ژمارە ( ٢ ) لە ڕێنمایی ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٣
## جل و بەرگی هاوینەی هێزی جێ بەجێکار / ژنان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارە | ماوەی بەکارهێنانی بەساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێلاوی رەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | قەیتانی سەرشان بە رەنگی نیلی و سپی | ١ | ١ |
| ٦ | کاسکێت بە رەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی هەرێمی کوردستانی( معدنی) بۆ پێشەوەی کاسکێت | ١ | ٣ |
| ٨ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی راست و چەپ | ٢ | ١ |

## جل و بەرگی زستانەی هێزی جێ بەجێکار / ژنان

| ماوەی بەکارهێنانی بەساڵ | ژمارە | جۆری کەل و پەل | ژ |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ |
| ١ | ١ | تەنورە یان پانتۆڵ نیلی تۆخ | ٢ |
| ١ | ١ | پێڵاوی رەشی کورت | ٣ |
| ١ | ١ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ٤ |
| ١ | ١ | چاکێتی نیلی بە کەتافی | ٥ |
| ١ | ١ | پاڵتۆی نیلی تۆخ | ٦ |
| ١ | ٢ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی راست و چەپ | ٧ |
| ١ | ١ | بارانگێر بە رەنگی نیلی تۆخ | ٨ |

## خشتەی ژمارە ( ٣ ) لە رێنمایی ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٣
## جل و بەرگی هاوینەی هێزی جێ بەجێکار / پیاوان

| ماوەی بەکارهێنانی بەساڵ | ژمارە | جۆری کەل و پەل | ژ |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ |
| ١ | ١ | پانتۆڵ نیلی تۆخ | ٢ |
| ١ | ١ | پێلاوی رەشی کورت | ٣ |
| ١ | ١ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ٤ |
| ١ | ١ | قەیتانی سەرشان بە رەنگی نیلی و سپی | ٥ |
| ١ | ١ | کاسکێت بە رەنگی نیلی تۆخ | ٦ |
| ٣ | ١ | ئارمی هەرێمی کوردستانی( معدنی) بۆ پێشەوەی کاسکێت | ٧ |
| ١ | ٢ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی راست و چەپ | ٨ |
| ١ | ١ | قایشی نیلی تۆخ | ٩ |
| ١ | ٢ | هەگبەی فیشەك (جعبە عتاد) بە رەنگی نیلی | ١٠ |
| ١ | ١ | بەدلەی کارکردن رەنگی خاکی | ١١ |
| ١ | ١ | کاسکێتی سەر بە رەنگی نیلی | ١٢ |

## جل و بەرگی زستانەی هێزی جێ بەجێکار / پیاوان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارە | ماوەی بەکارهێنانی بەساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی رەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | چاکێتی نیلی بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٦ | قەمصەلە یان پاڵتۆی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی راست و چەپ | ٢ | ١ |
| ٨ | مشمع مگری بە رەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٩ | بەدلەی کارکردن بە رەنگی خاکی | ٢ | ١ |
| ١٠ | نیتاق بە رەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ١١ | کاسکێتی سەر بە رەنگی نیلی | ١ | ١ |

**ئه نجومه‌نى دادوه‌رى**

**ژماره : ٤٢٧ له ٢٠١٣/٥/١٣**

**بـه‌يـــان**

**ئاماژه به بڕيارى ئه‌نجومه‌نى دادوه‌رى ژماره (٢٧) له ٢٠١٣/٥/٧ وه پشت به‌نووسراوى سه‌رۆكايه‌تى ئه‌نجومه‌نى وه‌زيران / نووسينگه‌ى تايبه‌تى سه‌رۆكى حكومه‌ت ژماره (٢٠١٠ ) له ٢٠١٢/٨/٦ بـه پەيڕەوكردنى سيسته‌مى (لامركزى ) له ڕايكردنى كاروبارى ژمێريارى و دارايى ئه‌نجومه‌نى دادوه‌رى هه‌رێمى كوردستان ، ئه‌نجومه‌نى دادوه‌رى بڕياريدا به :-**

**- كردنه‌وه‌ى به‌رێوه‌به‌رايه‌تى كاروبارى ژمێريارى نامه‌ڵبه‌ندى له ديوانى ئه‌م ئه‌نجومه‌نه بـه‌م شـێوه‌ى خواره‌وه .**

**- به‌رێوه‌به‌رايه‌تى كاروبارى ژمێريارى نامه‌ڵبه‌ندى :-**

**١- به‌شى ژمێريارى .**

**أ- هۆبه‌ى ژميريارى .**

**ب- هۆبه‌ى خه‌رجيه‌كان .**

**٢- به‌شى ده‌سته‌ىووردبينى .**

**أ- هۆبه‌ى ووردبينى .**

**ب- هۆبه‌ى كۆمپيوته‌ر .**

**- ئه‌م به‌يانه جێ به‌جێ ده‌كرێت له رۆژى ده‌رچوونيه‌وه .**

**أحمد عبدالله زبير**

**سه‌رۆكى ئه نجومه‌نى دادوه‌رى**

**ئه نجومەنی دادوەری**

**ژمارە : ٤٢٨ لە ٢٠١٣/٥/١٣**

## بـەیــان

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە مـاددە/٣٤ بڕگـەی/ چـوارەم لـە یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری ژمارە(٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە دانانی پەیکەری ڕێکخستنی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەکەم : ماف :-**

هۆبەی (١- دادگای تێهەڵچوونەوە ٢- دادگای تێهەڵچوونەوە بە شێوەی پێداچوونەوە ٣- ژمێریاری )

**دووەم** : دیوانی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە :-

بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە: هۆبەی ڕاگەیاندن .

**سێ یەم:** بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

هۆبەی (١- کارگێڕی ٢- پرسگا ٣- هونەری٤- **IT** ٥- خزمەتگوزاری ٦- پەرتوکخانە )

**چوارەم** : بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی : بەشی خۆیەتی دادوەران و فەرمانبەران .

هۆبەی (١- میلاکات ٢- هاتوو دەرچوو ٣- کۆمپیوتەر٤- خامەی نهێنی ٥- دۆسیە)

**پێنجەم:** بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری

هۆبەی (١- ژمێریاری ٢- بودجە ٣- بارمتەکان و خەزنەدار ٤- مووچە ٥- خەرجیەکان)

**شەشەم:** بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرایەتی کۆگا و ئەرشیف

**هەشتەم:** بەشی پلان و ئامار : هۆبەی (١- پلان ٢- ئامار )

**نۆیەم:** بەشی پەیوەندییەکان

**دەیەم:** بەڕێوەبەراتی پێ ڕاگەیاندنی دادوەری

**یانزە هەم** : بەڕێوەبەرایەتی ڕەفتاری نەوجەوانان

**دوانزەهەم**:دادگاکانی سەنتەری شارەکان و قەزا وناحیەکان هۆبەی(١-کارگێڕی٢-هۆبەی ژمێریاری)

**سێزدەهەم:** ئەو دادگایانەی یەکەی ژمێریاری و بودجەی تایبەتی خۆیان هەیە

هۆبەی(١- کارگێڕی٢- هۆبەی ژمێریاری ٣- هۆبەی بودجە ٤- هۆبەی ووردبینی٥-هۆبەی مووچە)

**أحمد عبدالله زبیر**

**سەرۆکی ئه نجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە ( ٣٦ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( هۆبەی خۆپاراستن لە تیشك ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندورستی سلێمانی .
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/١٢ .

**بەیانی ژمارە ( ٣٧ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (هۆبەی چارەسەری سروشتی) لە مەڵبەندی تەندروستی شەهید فاتح سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور .
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/١٣ .

**بەیانی ژمارە ( ٣٨ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (هۆبەی بازگەکان) لە بەشی کاروباری هونەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/١٥ .

**د. ڕێکەوت حمه رشید**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتی تەندروستی

## بەیانی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( ئەم هۆبەویەکانەی کە لە خوارەوە ئاماژە پێکراوە) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- هۆبەی ( ١- دەرمان و پێداویستی پزیشکی ٢- ژمێریاری ٣- ئەندازە/ یەکەی چاککردنی ئامێرەکان ٤- خزمەتگوزاری / یەکەی چاککردنەوەی کارەبا و میکانیك )
- یەکەی ( ٥- خۆیەتی ٦- میلاکات ٧- ئامار ٨- چاککردنەوەی ئامێرەکان ٩- ددان ١٠- تیشك ١١- تاقیگا ١٢- کۆگا/ پەڕواگە وپسوولە ١٣- هاتوودەرچوو ) .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/١٩ .

## بەیانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( هۆبەی ئیفادات ) ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

## بەیانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بەشی پاسۆلۆجی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە ( ٤٢ )ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی و سەنتەری چاودێری تەندروستی ڕاپەرین ) لە گەڕەکی ڕاپەرینی شاری سلێمانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

## بەیانی ژمارە ( ٤٣ )ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (یەکەی تەندروستی ژینگە) لە گشت نەخۆشخانەکانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

## بەیانی ژمارە ( ٤٤ )ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- گۆڕینی ( یەکەی داهات ، پەرەپێدان، پلان، بودجە،خەرجی ) بۆ (هۆبەی داهات ،پەرەپێدان ، پلان، بودجە، خەرجی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- گۆرینی ( ناوی بنکەی تەندروستی سێبیران مجیداغا ) بۆ ( بنکەی تەندروستی مجید اغا ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

## بەیانی ژمارە (٤٦)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( سەنتەری فریاگوزاری خێرای ٢٤کاتژمێری ) لەسەر ڕێگای دەربەندیخان- سلێمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

## بەیانی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( نوسینگەی لەدایك بوون و مردن ) لە ناحیەی گەردەسینی / قەزای ئاکرێ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢١ .

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان - العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٧ ) لسنة ٢٠١٣**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة اقليم كوردستان - العراق رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان - العراق في جلسته المرقمة ( ١١ ) في ٢٤ / ٤ / ٢٠١٣ قررنا اصدار :-

**قانون رقم ( ٦ ) لسنة ٢٠١٣**
**قانون التعديل الأول لقانون الهيئة العامة في اقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠١٠**

**المادة الأولى :**

يعدل اسم القانون من ( قانون الهيئة العامة في اقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها ) الى ( قانون الهئية العامة في اقليم كوردستان للمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم )

**المادة الثانية :**

تحل عبارة ( المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم ) محل عبارة ( المناطق المتنازع عليها ) أينما وردت في هذا القانون .

**المادة الثالثة :**

**أولاً** : تعدل الفقرة ثانياً من المادة الأولى من القانون وتقرأ كالآتي :

( ثانياً : الهيئة العامة في الاقليم للمناطق الكوردستانية خارج إدارة الاقليم )

**ثانياً:** تعدل الفقرة خامساً من المادة الأولى من القانون وتقرأ كالآتي :

( خامساً : المناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم : هي المناطق الكوردستانية تأريخياً و جغرافياً والتي شملتها اجراءات التعريب و تغيير الهوية القومية من قبل الأنظمة العراقية المتعاقبة )

**المادة الرابعة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الخامسة :**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة السادسة :**

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

**هەولێر**
**١٤/ أيار /٢٠١٣ ى ميلادى**

**الاسباب الموجبة**

تاكيداً على حتمية التمسك بالمناطق الكوردستانية خارج ادارة الاقليم بكافة الوسائل المشروعة بأعتبارها جزءاً لايتجزأ تاريخياً و جغرافياً من كوردستان - العراق ، ولكون مصطلح ( المناطق المتنازع عليها ) الوارد في الدستور العراقي لايقتصر على المناطق خارج ادارة اقليم كوردستان عليه ، فقد شرع هذا القانون .

**رئاسة مجلس الوزراء**

**رقم : ( ٤٨٥١ ) في ٢٠١٣/٥/٢٢**

## النظام الداخلي

## للجنة العليا لمناهضة العنف ضد المراة والاسرة في محافظات إقليم كوردستان – العراق

**المادة الاولى : التعاريف**

**اولاً:** المحافظة: محافظات إقليم كوردستان _ العراق.

**ثانياً:** اللجنة العليا:. اللجنة العليا لمناهضة العنف ضد المراة والاسرة.

**ثالثاً:** الرئيس: رئيس اللجنة العليا.

**رابعاً:** النائب: نائب الرئيس .

**المادة الثانية :**

تشكل في كل محافظة لجنة عليا تسمى (اللجنة العليا لمناهضة العنف ضد المراة والاسرة) ويكون عملها طوعيا وغير ربحي.

**المادة الثالثة**

تهدف اللجنة العليا الى مايأتي:

١- مناهضة ظاهرة العنف ضد المرأة و العنف الاسري في المحافظة.

٢- نشر الوعي بين مواطني المحافظة بخطورة ظاهرة العنف ضد المراة والعنف الاسري بكافة اشكاله.

٣- العمل على سلامة الروابط الاسرية وتقويتها بما يضمن اسس التفاهم و الحوار بين افرادها لاداء دورها في المجتمع بشكل سليم.

**المادة الرابعة:**

**اولاً:** تتكون اللجنة العليا في المحافظة من:

| | |
|---|---|
| ١- المحافظ | رئيساً . |
| ٢- رئيس احدى الجامعات الحكومية | نائباً للرئيس. |
| ٣- رئيس محكمة الاستئناف | عضواً. |
| ٤- رئيس دائرة الادعاء العام | عضواً. |
| ٥- ممثل عن المجلس الاعلى لشؤون المرأة | عضواً. |

٦- رئيس احدى الجامعات الاهلية ان وجدت عضواً.

٧- قائمقام قضاء مركز المحافظة عضواً.

٨- مدير عام الرعاية الاجتماعية عضواً.

٩- احد اعضاء مجلس المحافظة يختاره مجلس المحافظة عضواً.

١٠- مدير عام الصحة عضواً.

١١- مدير عام التربية عضواً.

١٢- مدير عام الاوقاف عضواً.

١٣- مدير عام الثقافة عضواً.

١٤- مدير الشرطة عضواً.

١٥- مدير متابعة العنف ضد المراة عضواً ومقررا.

١٦- مدير العمل والضمان الاجتماعي عضواً .

١٧- مدير اصلاح الاحداث والنساء عضواً .

١٨- مدير الاحصاء في المحافظة عضواً .

**ثانياً:** للجنة العليا وبموافقة اغلبية الاعضاء الحاضرين اضافة اي عضو اخر من منظمات المجتمع المدني ، أوالنقابات ، او الجمعيات ، او الدوائر الحكومية ذات العلاقة بناء على طلب يقدم اليه .

**ثالثاً:** للجنة العليا ان تدعو اي شخص من ذوي الخبرة في مجال مناهضة ظاهرة العنف ضد المرأة و العنف الاسري الى اجتماعاته لاغراض الاستشارة .

**المادة الخامسة:**

**اولاً:** تعقد اجتماعات اللجنة العليا كل (٣٠) ثلاثين يوما .

**ثانياً:** للجنة العليا عقد اجتماع استثنائي لمناقشة اية حالة طارئة تخص وضع الاسرة او المرأة في المحافظة بناء على طلب رئيسها أو ممثل المجلس الأعلى لشؤون المرأة او مدير متابعة العنف ضد المرأة .

**ثالثاً:** تصدر قرارات اللجنة العليا بالاغلبية البسيطة .

**المادة السادسة:**

**اولاً**:تشكل في كل قضاء خارج مركزالمحافظة لجنة فرعية لمناهضة العنف ضد المرأة والاسرة وتتكون من:

١- القائمقام رئيساً.

٢- مدير مكتب متابعة العنف ضد المراة عضواً.

٣- قاضي اول محكمة عضواً.

٤- مدير الشرطة عضواً.

٥- مدير الرعاية الاجتماعية ان وجد عضواً.

٦- مدير الاوقاف عضواً.

٧- مدير التربية عضواً.

٨- مدير الثقافة و الشباب عضواً.

٩-: للجنة و بموافقة اغلبية الاعضاء الحاضرين اضافة اي عضو اخر من منظمات المجتمع المدني ، أو النقابات ، او الجمعيات ، او الدوائر الحكومية ذات العلاقة بناء على طلب يقدم اليه .

**المادة السابعة:**

مهام اللجنة العليا ومهام اللجان الفرعية في الأقضية

**اولاً**: تكون للجنة العليا المهام الأتية:

١- التنسيق والتعاون مع المجلس الاعلى لشؤون المرأة في الاقليم و المديرية العامة لمتابعة العنف ضد المرأة والدوائر ذات الصلة و مساعدتهم في أداء عملهم المتعلق بمناهضة العنف ضد المراة والاسرة و تطبيق الاستراتيجية الوطنية لمناهضة العنف ضد المراة .

٢- وضع الاليات و الخطط المتعلقة بمناهضة العنف ضد المراة و الاسرة في المحافظة .

٣- متابعة القضايا المتعلقة بالعنف ضد المراة والاسرة في كافة دوائر المحافظة والجهات ذات العلاقة .

٤- اقامة المؤتمرات و ورشات العمل و عقد الندوات المتعلقة بمناهضة ظاهرة العنف ضد المراة والعنف الاسري .

٥- اصدار تقارير فصلية حول اوضاع العنف ضد المراة والاسرة في المحافظة وارسال نسخة من تلك التقارير الى المجلس الأعلى لشؤون المراة .

٦- وضع ميزانية للجنة العليا وتقديمها الى المحافظة .

**ثانياً:** تتولى اللجنة الفرعية في  القضاء مایاتي:

١- مناهضة العنف ضد المراة و العنف الاسري في القضاء وفقا للاليات المعدة من قبل اللجنة العليا وتنفيذ القرارات الصادرة منها.

٢- تقديم اقتراحاتها و توصياتها الى اللجنة العليا.

**المادة الثامنة:**

تشكل من اعضاء اللجنة العليا اللجان الفرعية الاتية:

**اولاً:** اللجنة القانونية .

**ثانيا:** لجنة الاحصاء و البحوث .

**ثالثاً:** لجنة الثقافة والاعلام .

**رابعاً:** لجنة العلاقات .

**خامساً:** اللجنة الادارية والمالية.

**المادة التاسعة :**

تخصص للجنة العليا حصة من ميزانية المحافظة.

**المادة العاشرة :**

ينفذ هذا النظام الداخلي اعتبارا من تاريخ مصادقة رئيس مجلس الوزراء عليه.

**المادة الحادية عشرة :**

للجنة العليا وضع ضوابط لتسهيل تنفيذ هذا النظام الداخلي.

**المادة الثانية عشرة :**

لا يعمل بأي نص او نظام داخلي اخر.

**المادة الثالثة عشرة :**

ينشر هذا النظام الداخلي في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس مجلس الوزراء**